www.kurdistannet.org
26-2-2007 20:03 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەمن چی. . . . کەمال ڕێنا س**

لەسەر ڕەوتی سوارچا کانی شیعری کوردی.
ئاوێنەی ئازاران بم، خۆشی هەندەرا ن بەمن چی
ئا وێتەی هەژاران بم، یادگاری جاران بەمن چی
بەفری تەمەن کەژوکێوی هەرزەکاریم داپۆشێ
خونچەی بەهار، نەغمەی هوزار، سروەی بەیا ن بەمن چی
کێڵگەی ئاسۆی ڕوانینی زامەکان بێ بەرهەم بێت
نوێژی با را ن، قاسپەی کەوا ن، دوعا ی شەوان بەمن چی
تەنها جارێ هەست بەبەئا زارم نەکەی، بەڕوخسا ری
دەما مکدار بۆ من بگری لەئاوزینگا ن بەمن چی
کەمن لەکۆشی گەرم لەسینگی نەرم بێ بەش بم
ئا وی حەیا ت، حۆری بەهەشت. کچی نیا ن بەمن چی
پەژارە، مەینەت، دەربەدەری، ناسۆر، خەفەتبا ری
هاوکێشەی ژیا نم بن، کازیوەی بەیا ن بەمن چی
ئەم بوونەبەنەبوونە، کەئارامیم پێ نەبەخشێ
چ شەربەتی مردن، چ تالا وی ژیا ن بەمن چی
لەسەر زەمین بستێ خا کی ئاسوودەیی شك نەبەم
تیشکی خۆر، تریفەی ما نگ، ئەستێرەی ئاسما ن بەمن جی
لەژیا ن بم شیعرەکانم ڕوناکایی نەبینن
لەدوا ی مەرگم، گەر چاپ بکرێن ببنەدیوان بەمن چی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.